بۆبەردەم

فیلێکی( تکریت )

www.kurdistannet.or

ـ خۆپیشاندانی چی ؟ من لەوەتی هۆشمکردوەتەوە وێنەی سەدام ئەدڕێنم وتف لە چارەیدەکەم کەچی وەك گەرای میش تادێت زۆر دەبێ و لەهەموو شوێنێ ڕەزای قورسی دیارە.ئێستەش ئەتەوێ ڕاکێشمبکەی لای عەریفێك کەنازانێ ناوی خۆی بنوسێ.وەك خزمانی دەڵێن ئەوبرادەرە لەسەر سفرەی خواردن خەوی لێدەکەوێ..تۆتائێستا بینیوتە فیشەکێ بتەقێنێ؟..

ـبۆ کەسێ لەحەرەسەکانی قەسری جمهوری حەدی هەیە دەمانچەی پڕ فیشەکی پێبێت..

ـ ئەوە ئەوانەی وەك جەنابت بۆ لەم ئەوروپایەش لەخۆتان دەترسن..خەڵکی لەکوردوستان لەو نەبوونیەدا بەپەرەمێز ئاگری نەورۆزدەکەنەوە ، تۆش لەم وولاتەئازادەدا بەمۆمێکیش ناتەوێ یادی ئەنفالکراوەکان بکەیتەوە.

ـ وازبهێته ئەوەندە ئاگرمكردوەتەوە تائێستاش دووكەڵی تایە لەسیەكانمدایە.ڕەنجمان هەمووكرا بەخاكدا..
ـ ناتەوێ بڵێی لە بادینان بەناهەق پێنج هەزار نەمام لەیادی ساڵڕۆژی بەرزانیدا نرا.جاخۆ سەدام بۆی بكرایە دارخورمای لەبەرزترین لوتكەی كوردوستاندا ئەڕواند، تەنها لەبەر ئەوی ناوی كورد بسڕێتەوە.
ـ جا (پاسۆك)یش بۆیكرێ خورمای ووشك ناهێڵێ و بیابانەكەی ڕومادی ئەكاتە بەڕو و باخی هەنار و گوێز..

ـ نازانم ووت چی دێیت بۆ دانیمارك یا نەء؟
ـ تۆ كابرایەكی زۆرسەریری ،دوومانگی ڕەبەقە جاڕمانداوە هێشتا ٣٠٠ كەسی تەواو ئامادەنین بێن.تاوان تاوانی ئەو (سەلاح الدین)ە بوو ئەگینا لە ئاراراتەوە تاكۆ جەزائیر ئەمڕو بەكوردی قسەی دەكرد. ئەوە لەناو ئەم هەموو كوردەدا بۆ گرتووتە بەمنێكی شەلەوە ؟..!بۆ ناچی بۆ لای شیوعیەكان كەوا

لەلایەکی ئەوروپا مانیان لەخواردنگردوە بۆ پشتیوانکردنی گەلی فەلەستین..خۆ دووانیان هەیە بێن بەدەمتەوە و کەمێ فرمێسك بڕێژن.

_ وەڵا ڕاستەدەکەی .!
نێوان هەولێر سلێمانی (لۆ و بو) کەی جیایە ، واخەریکە وەك ئیماراتی ّعەرەبی لێدێت.ودەبێتە دوو وولات. ئەڵێم باسی سوورەکان بەخراپەمەکە !باش نەبوو ئەوان لەهەڵەبجە هیچیان نەکرد.جاخۆ نەشگرین کەس گلەییان لێناکات..

_ من باسی ڕۆژی هەڵبجەت لەگەڵ دەکەم نەك بیانوو هێنانەوە.تۆ ویژدانی خۆت دەزانێ.
ئەگەر ئاهەنگ بوایە بانگەشت دەکردو کاروانیکی گەورەت لەخزمانت دەهێنا..
نازانم سوورەکان کوا ئەو هێزەیان هەبوو. شڕەدەوارێك بەشی هەموویانی دەکرد..ڕوسیا زۆر باسی کوردی کرد تائەوان فریامان بکەون..!

ـ یەك ساڵەی یادی هەڵبجەمان لەشاری (پاوە) دەكردەوە ، لەبەر وێنەی ئەمو ئەو دروشمەكانی خۆپیشاندانەكە( بۆ قوربانیانی كیمیاوی وئەنفال )دیارنەبوو ..براكەم بەسە بەسە !وازم لێبهینە بۆ كۆیم دەبەی؟ئێساش زۆربەی شوێنە گرنگەكانی شار پڕە لەوێنە .بێگانەیەك بێت وادەزانێ پیشانگای فۆتۆگرافەو هیچمان لێتەقەوماوە..

ـ كاكە ! (نزار) چیە تاكو پیاو لایەكی كوردوستان بۆدژی كوبكاتەوە.!بائەمریكا سەدام لاببات جا (نزار یا مژار) دێنێ كەیفی خۆیەتی، خۆ ئەوەندە نەوتمان ئەداتێ كەبەشی عەلادینەكانمان بكات وسەرمامان نەبێ، نەكچەكی پێ پكرێدرێ. برۆ بابزانین فەریكە (بۆش)* چیمان بۆدەكات.!هیوادارین دەممان وەك ئۆجەلان نەبەسێ و بمان داتەوە بەسەدام.

ـدەوایە ! ئەمرۆ كابرا خۆی بەرازی مەیدانە.وا ڕیشی لەئەڤگانستان نەهێشت ،خواكەریمە بۆ شتی تر..ئێمە چیمان پێدەكرێ.؟



ئاسۆ بیارەیی_٢٠٠٢-٣_١٧

---

بۆش:مەبەست سەرۆكی ئەمریكایە.